# مەرگەساتی مرۆڤی سەردەم لە شیعری "دەردی دڵی خۆم"ی شێخ نووری شێخ ساڵح دا

**عەتا قەرەداغی**
**(سلێمانی)**

-١-

"دەردی دڵی خـۆم" شـیـعـرێکی شـێخ نووری شـێخ سـاڵح"ـە و لە لاپەڕە ٣٩١-٣٩٢ی دیوانەکـەیدا بڵاوکراوەتەوە. پێش ئەوەی بێینە سەر شیکردنەوەی دەقە شـیـعـرییـەکـە، ئەوەمـان لا ئاشکرایە کـە شێخ نووری یەکێکە لەو شاعـیرانەی کە شوێن و پێگەی دیاریان لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا هەبووە، ئەمەش شتێک نییە کە لە خۆوە بگوترێت، چونکە بنیادی شیعری ئەم شاعیرە و ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی شیعرییەت لە زمان و وێنە و ئەو کێشانەی پێی نووسیون و مۆسیقای شیعر و بارگاوییبوونی دەقەکانیشی بە جۆرێک لە جیهانبینی، بەگشتی گەواهی ئەو بۆچوونە دەدەن و لەوە دەری دەکەن کە تەنیا بۆچوون بێت، بەڵکو وەک ڕاستییەکی ئاشکرا، شوێنی شێخ نووری لە نوێکردنەوە لە جوگرافیای شیعری نوێی کوردیدا دیاری دەکەن.

ناوونیشانی ئەم شیعرە (دەردی دڵی خۆم) سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە جۆرێک لە شۆڕبوونەوە و گەڕانەوە بۆ ناوەوەی خودی مرۆڤ بێت، کە لێرەدا دەشێ شاعیر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە خۆی بدوێت، یان ناخی خۆی بدوێنێت، یان لەگەڵ خۆیدا ئاخاوتن بکات.بەڕاستـیش یەکێک لەو ڕووبەرە دروستـانەی کە دەشێ سـەرچاوەی ڕاسـتـەقـینەی شـیـعـر بێت، ناوەوە، یان نـاخی شـاعـیـر خۆیەتی و چۆنێتـی دواندن و ئاخـاوتنی ئەو ڕووبەرەیە، بەتایبـەتی کـە ئەوە ئاشکرایە یەکێک لە ڕەگـەزەکـانی شیعری ڕۆمانسی گەڕانەوەیە بۆ خودی تاکەکەس خۆی. هەروەک هەڵچوون و سۆزی بێ سنوور و خەیاڵی فراوان و کـارکـردنی هەمـوو ئەمـانەش پێکەوە بۆ جەختکردنە لەسەر تاکەکەس وەک مرۆڤ و بە بەرز و باڵا سەیرکردن و بینینی گەوهەر و ماهییـەتی جوانی سروشت و ئافرەت، هەروەها گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو، هەروەک ئەمانە بە گشتی ئەو ڕووبەرە پێکدەهێنن کە دەقی ڕۆمانسی تێدا بەرهەم دێت، ڕاستە مەولەوی وەک یەکەم شاعیری دیاری کورد، بەرهەمـەکـانی بە ڕەگەزەکانی سروشت بارگاوی کـراون، هەرچەندە لە ڕووی قـۆناغی پەرەسـەندنی کۆمـەڵایەتی و قۆناغی ئەدەبییـەوە، سـەردەمی مـەولەوی دەکەوێتە پێش قـۆناغی ڕۆمـانسـیـەتی کـوردییـەوە، بەڵام دواتر قـۆناغی نوێکردنەوەی شـیـعـری کـوردی لەسـەر دەسـتی نەوەیەک دەست پێ دەکـات کـە گـۆران و شـێخ نووری و ڕەشـیـد نەجیب و پیـرەمـێرد و...تاد پایە سـەرەکـیـەکـانی ئەو تازەکـردنەوەیەن. ئەگـەر بە چەمکی نەریتی پۆلێنکردنی ئەدەب، یان ڕیزکردنی قۆناغەکانی ئەدەب سەیر بکەین، ئەوە دەبێ بڵێین نوێکردنەوە لە ڕۆمـانسـیزمـەوە تا دەگـا



**شێخ نووری شێخ سالح**

قۆناغی ڕیالیزم، ئەگەرچی لەپاڵ ئەم ڕیزبەندییەدا جیاکردنەوەیەکی ئاشکراتر هەیە، ئەویش پۆلێنکردنی دەقەکانە بۆ دەقی زیندوو، دەقی مردوو، یان دەقی خاوەن پرسیار و جیهانبینی و دەقی ڕووتکراوە و بارگاوی نەکراو بە پرسیار و جیهانبینی، کە دەشێ لە ئاستێکی تردا بگوترێت پۆلێنکردن بۆ ئەدەب و بۆ ئەوەی کە نەبووە بە ئەدەب. هەر لێرەوە کاتێک لە مێژووی شیعری کوردیدا باسی شاعیرانی خاوەن پێگە دەکرێت، بێ گومان پێوانە ئەوەیە کە بەرهەمهێن و ئەفرێنەری دەقی زیندوو بێت. بێ گومان شێخ نووری لەو شاعیرانەیە کە لە بەرهەمهێنانی دەقی زیندوودا دەوڵەمەندە، لە بەرزکردنەوەی پرسیاری قووڵ و پەیوەست بە ژیان و بوون و ماناکانی ژیان و جوانی و چێژ و...تاد.

-٢-

ناوونیشانی ئەم شیعرەی شێخ نووری هەرچۆن وەک ناوونیشان دەبێ کلیلی کردنەوەی دەقەکە پێشکەش بکات، بەهەمان شێوە لە ئاستی بینراودا کلیلی کردنەوەی دەرگای ناوەوە، یان ناخی تاکەکەسیش پێشکەش دەکات کە دەشێ ئەویش تاکەکەس بێت بە گشتی، یان تاکەکەس بێت وەک شاعیر خۆی، بە تایبەتی دەستەواژەی "دڵی خۆم" جەختکردنێکی ئاشکرای قسەکەر، یان شاعیرە لەسەر گەڕانەوە بۆ ناخی خۆی، کە دەشێ لە ئاستێکی تردا ئەو جەختکردنە دەلالەتی جۆرێک لە گەڕانەوەی مرۆڤ بێت بە گشتی بۆ ناخی خۆی و ئاخاوتنی مرۆڤ بێت لەبارەی خۆیەوە، ئەوەش ئەو دەروازەیەیە کە مرۆڤ لێیەوە بەرەو ناسینی خۆی دەچێت و لە دواندنی مرۆڤدا لەبارەی ناخی خۆیەوە، یان لە نمایشکردنی ناخی خۆیدا ڕاستییەکانی بوونی خۆی ئاشکرا دەکات، ئەوەش دەبێتە زەمینەیەک بۆ دروستکردنی جیهانێک کە زیاترین ڕاستی شیاوی تێدا بەرجەستە بکرێت و شتەکانی وەک ئەوەی هەن تێیدا نیشان بدرێن، بە تایبەتی شتەکانی نێو جوگرافیای ناخی مرۆڤ کە ڕەنگە ئاشکراکردنی لەباری هۆشیاری، یان بە ئاگاییدا ئاسان نەبێت.

ئەم ناوونیشانە کلیلی کردنەوەی دەرگای دەقەکەمان پێشکەش دەکات، هەرچۆن خودی دەربڕینی دەقەکە ئاماژە بۆ ئەو ڕێگایە دەکات کە بەرەو ناخی، یان دڵی قسەکەری شیعرەکەیە، بەڵام دیارە دڵ ڕەگەزێک، یان توخمێکی بێ لایەن نییە لەم ناوونیشانەدا، بەڵکو لە ڕێگای وشەی" دەرد"ەوە وەسف دەکرێت. ئەو وەسفکردنەش زیاتر لەوەی دڵ وەک ڕەگەزێکی بایۆلۆجی نیشان بدات، وەک ناخی مرۆڤ بە خواست و ویست و حەز و ئارەزوو و ئاواتەکانەوە نیشان دەدات، لێرەشدا ئەوە دەبینرێت کە ئەو دڵەی وەسف دەکرێت بە خەم و ناسۆر و کێشە و ژان و ئازار بارگاوی کراوە، کە هەموو ئەمانە بە دەرد ناودەبرێن، بۆیە لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەم دەقە شیعرییە لە ڕێگای دەربڕین و وێنە و هێما و دەلالاتەوە، ناخی مرۆڤێک بە هەموو ئازارەکانییەوە نیشان دەدەن.

-٣-

**دەردی دڵی خۆم جوملەیەکی بێنمە تەقریر،**
**ئنس و مەلەک و جن و پەری دێنمە گریان،**
**بێ شک موتەحەیر دەبێ، دیوانە لە زنجیر،**
**سەد عاقڵ و هۆشیار ئەخەمە کێو و بیابان.**

شاعیر باسی ناخی خۆی دەکات کە چەند پڕ لە ئازار و کەسەرەو لەوە دەدوێت ئەگەر تەنیا یەک بەشی ئەو ئازار و کەسەرە ئاشکرا بکات، ئەوە هیچ کەس ناتوانێت دان بەخۆیدا بگرێت، نە مرۆڤ و نە فریشتە و نە جنۆکە و نە پەری. ئێمە نازانین ئاستی دان بەخۆدا گرتنی هەریەک

لەمانە چەندە، بەڵام شێوازی دەربڕینەکە ئاستی گرانی و ترسناکی ئەو خەمەمان بۆ دەردەخات کە ناخی ئەوی داگیرکردووە، هەروەک لێرەدا ڕوویەکی ئەو بۆچوونە ئایدیالیستییە ئاشکرا دەبێت کە شاعیر لەبەرانبەر مرۆڤدا، بوونێکی ماددییانەی هەیە، فریشتە و جنۆکە و پەری دادەنێت و وەهاش نیشانیان دەدات کە بەشێکی ئازارەکانی ئەم، هەمـوو ئەوانە دەهێنێتە گریان. هەر ئەوەش نا، بەڵکو نە شێت و نە ژیر، هیچیان ناتوانن لە بەردەم کاریگەری ئازارەکانی ئەمدا خۆڕابگرن، بەڵکو بەجۆرێک کاریان لێ دەکات کە وێڵ و سەرگەردانیان دەکات. لێرەدا گرانی و سەختی ئازارەکانی ناخی ئەم بە ئەندازەیەکە کە پێشبینی نەکراوە، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا ئەوەی شاعیر باسی دەکات تەنیا ئازارەکانی خۆیەتی، یان ئازاری کۆی مرۆڤەکانە، یان ئازارەکانی هەمـوو مرۆڤایەتییە؟ واتە وەک چۆن ئاشکراکردنی بەشێک لە ئازارەکانی ناخی ئەم فراوانترین جوگرافیای دەرەوەی خودی خۆی دەگرێتەوە، دەشێ لە بنەڕەتیشدا ئەو ئازارانەی ئەمی شاعیر ئازاری کۆی مرۆڤەکان بێت، کەواتە ئەگەر بەم پێیە بێت، ئەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە مرۆڤ بە گشتی ئەو ئافەریدەبووەیە کە مەحکومە بە ئازار و ژان و هیچ سرەوتن و حەوانەوەیەکی نییە، یان مەحکومە بەوەی کە نەتوانێت ئارام بگرێت و بحەوێتەوە.

**لەو ڕۆژەوە هاتوومەتە ناو زومرەیی ئینسان،**
**نەمدیوە لەدەس گەردشی ئەم چەرخە مەسەڕڕەت،**
**سەودا زەدەی شیفتە و بێ سەر و سامان،**
**وەک لالە لەسەر پەڕەی دڵ نوقتەیی حەسرەت.**

شاعیر باسی هاتنی خۆی دەکات بۆ ناو ڕەگەز و پێکهاتەی مرۆڤ. دیارە لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە لەو ساتەوە لە دایک بووە، نەک ئەوەی لە شوێنێکی تر بووبێت و دواتر هاتبێتە ناو مرۆڤەوە، چونکە ڕاستییەکەی ئاشکرایە کە ئەو مرۆڤە، وەک مرۆڤ لە دایک و باوکێکی مرۆڤ لە دایک بووە، ئەوەی باسی دەکات ئەوەیە کە لەو کاتەوە لە دایک بووە ئەم گەردوونە هیچ شادی و خۆشی و ئاسوودەییەکی پێ ڕەوا نەبینیوە، ئەمەش لە ئاستێکی تردا ئەوە نیشان دەدات کە شاعیر دەیەوێت بڵێت ژیان هیچ ئاسوودەییەکی تێدا نییە و گەردوون بوویەکی بەخشندە نییە بەرانبەر بە مرۆڤ و ناتوانێت، یان نایەوێت ئاسوودەیی بۆ مرۆڤ فەراهەم بکات. هەروەک لە پشتی ئەم بۆچوونەشەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە مرۆڤ بە سروشتی بوویەکە هەر لە ئەفراندنەوە ئاسوودەیی لە چارە نەنووسراوە، ئەوەی شاعیر وەک باری تاکەکەسی خۆی باسی دەکات، چارەنووسی هەمـوو مرۆڤایەتییە و لە بنەڕەتدا مرۆڤ بۆ ئازارچەشتن و بۆ خەم و ژان خوڵقێنراوە، ئەمەش لە ئاستێکی قووڵتردا ئەو بۆچوونە بەرجەستە دەکات، مادام مرۆڤ نەوەی ئادەم و حەوایە، واتە بەرهەمی گوناح، یان هەڵە، یان حەرام، یان یاخیبوونە و نائاسوودەیی بەردەوام و ژان و کێشە و گیروگرفتی بەردەوام، چ گرفتی سادەی ژیانی ڕۆژانە بێت، یان گرفت و کێشەکانی بوون بێت، ئەوە ئەوە نیشان دەدات کە مرۆڤ لە چاوی یاساکانی ئەم گەردوونەوە وەک گوناحبار سەیر دەکرێت و ئەو نائاسوودەییە هەمیشەییەش جۆرێکە لە سزادان، واتە مرۆڤ بە گشتی مەحکومە بە سزایەک کە ئەم ئەنجامدەری ئەو تاوانە نییە کە ئەم سزایەی بۆ بڕاوەتەوە، بەڵکو ئەو وەک نەوەی ئادەم و حەوا بەرهەمی ئەو گوناحەیە کە ئەوان ئەنجامیان داوە، بەڵام سزای ئەو گوناحە بە جێماوە بۆ ئەمی بەرهەمی گوناحەکە کە ئەمەش جۆرێکە لەو نادادپەروەرییەی کە لە بنەڕەتەوە لەم گەردوونەدا هەیە.

شاعیر وەسفی خۆی وەک عاشق، یان شەیدایەکی سەرگەردان و سەرلێشێواو دەکات. ئەو لە هاتنییەوە بۆ نێو پێکهاتەی مرۆڤ کە بەدەستی ئەم گەردوونەوە دەناڵێنێت، خۆی وەک عاشقێک دەناسێنێت، بەڵام عاشقێکی شەیدا و سەرگەردان. دیارە شوناسی عیشق لێرەدا ئاشکرا نییە، ئایا عیشقە بۆ ڕەگەزی بەرانبەر، یان عیشقی ژیان، سروشت، جوانی، مرۆڤایەتی، یان هەر شتێکی تر کە دەشێ ببێتە مەعشووقە بۆ ئەمی شاعیر وەک مرۆڤ، بەڵام ئەم عاشقێکی بێ سەر و سامانە، واتە عاشقێک کە هیچ سەرمایەیەکی نییە، بەڵام ڕاستییەکەی بۆ عاشق گەورەترین سەرمایە عیشقە و گەورەترین سەرکەوتنیش، گەیشتنە بە مەعشووق. بەستنەوەی ئەم ڕوانینە بە مانای دێڕی پێشترەوە، دەری دەخات کە شاعیر عەشقی شادی و ئاسوودەییە. کاتێ لەم گەردوونەدا لەوە بێ ئومێد دەبێت کە بگات بە شادی و ئاسوودەیی، مانای وایە هیچ سامان و دەستکەوتێکی

دەستگیر نابێت، ئەوەش بێ ئەنجامی عیشقەکەی دەگەیەنێت، واتە بێ سەر و سامانی ئەو وەک مرۆڤێک لەو ئامانجەی کە دوای کەوتووە، بریتییە لە مایەپووچی لە عیشقدا، ئەگەرچی ئەو دواکەوتنەش بە ئیرادەی خۆی و بەبڕیاری خۆی نەبێت، هەرچۆن هاتنی بۆ نێو پێکهاتەی مرۆیی لە دەرەوە و لەسەرەوەی بڕیار و ڕەزامەندی خۆی بووە، واتە لەو ڕووەوە ئەو هیچ پرسێکی پێ نەکراوەو ئەم وەک تاکەکەس کە نموونەیە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، هەمیشە بەڕێکراوە نەک ڕێپێدراو.

**سەودا زەدەی شیفتە و بێ سەر و سامان**
**وەک لالە لەسەر پەڕەی دڵ نوقتەیی حەسرەت**

ئەو وەک عاشقێکی سەرگەردان لێکچواندنی پێ دەکرێت لەگەڵ لالەدا، واتە وەک گوڵێکی سوور کە خاڵێکی ڕەش لە ناویایەتی(دیوانی شێخ نووری- ئازاد عەبدولواحید)، ئەمەش ئاماژە بۆ جۆرێک لە خاوێنی و جوانی و بێگەردی دەکات، بەڵام لەناو ئەو جوانییەدا خاڵێکی ڕەش هەیە. ئەگەر ئەم پێکهاتەیە لێکچواندنی لەگەڵ ئەوی مرۆڤدا پێ بکرێت، ئەوە بریتییە لە جەستەیەک کە ناخی سووتاوە، ئەویش بەهۆی ئازار و ژانەکانی عیشقەوە. پەڕەی دڵ شوێنی عیشقە، بەڵام لەوێدا عیشق وەک نوقتەی حەسرەت وایە، واتە شوێنی ناسۆر و ئازارە، ئەمەش مانای ئەوەیە لە کاتێکدا کە ئەوی مرۆڤ بە دەستی ئەم گەردوونەوە بێزار و بێ تاقەت بووە، وەک عاشقێکی سەرگەردان، لە دنیای عیشقدا هیچ سامانێکی نییە، عیشقی ئەو وەک خاڵێکی ڕەش وایە لەسەر لاپەڕەی ناسکی دڵ.

**یەک سانییە بێ غوسسە نەبوو، باری دڵی من**
**ساتێ غەمی خۆم، ساتێ غەمی گەردشی دنیا**
**یا ڕەبی بەچی ئاوی درا، داری دڵی من**
**وا کەیلە لەباڵەب لە غەما هەروەکو مینا.**

شاعیر باسی ئەو بارە دەکات کە خۆی تێیدا بووە کە بارێکی پڕ لە خەم و ناسۆر بوو، بۆ چرکەیەکیش خەم دەستبەرداری دڵی نەبووە، بەڵام ئایا خەم وەک دالێک هەڵگری چ مەدلوولێکە؟ لێرەدا ئەم خەم بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکات. خەمی خۆی و خەمی میحنەتی دنیا. ئایا خەمی ئەم خۆی چییە؟ ئەی مەبەستی لە خەمی دنیا چییە؟ دەشێ لێرەدا مەبەستی شاعیر لە خەمی خۆی، خەمە تایبەتییەکانی بێت، واتە ئەوەی کە لە ئەنجامی بەدی نەهاتنی حەز و ئارەزوو و ویستەکانیدا دروست دەبێت، کە ئەمەش بارێکی زۆر خودییە ئەگەر تەنیا لە سنووری کەسی خۆیدا بمێنێتەوە. هەروەک دەشێ خەمی تایبەتی خۆی لە باری تێڕوانینی ئەوەوە بۆ ژیان و بوون، بۆ مردن و کۆتایی سەرچاوە بێت، کە ئەمەشیان مەدلوولێکی فەلسەفی هەیە و دەشێ لە بنەڕەتدا خەمی ئەم لە ئەنجامی پەیبردنی بە لاوازی و بێ توانایی و نەبوونی ئیرادەی ئەمی مرۆڤ خۆیەوە بێت لەم گەردوونەدا، واتە مرۆڤ وەک بوویەکی ناکارا و بەڕێوەبراو و دوور لە توانایی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی دەبینێت، هەروەها سەرنجدانی ئەم وەک مرۆڤێکی هەستیار بۆ بێ مانایی ژیان و کۆتایی هاتنی مرۆڤ ئەویش بە مردن کە لە دەرەوەی ئیرادە و دەسەڵاتی مرۆڤە، نەک هەر ئەوەش، بەڵکو مرۆڤ هەر چۆن بێ پرسی خۆی هێنراوەتە ژیانەوە، هەروەها بێ پرس پێکردنیشی کۆتایی بە ژیانی دێت و دەمرێت.

بەشی دووەمی سەرچاوەی خەمی ئەم، میحنەتی دنیایە، ئەمەش دەشێ لە دوو ئاراستەوە سەیر بکرێت. یەکەمیان لەو ڕوانگەیەوە کە شاعیر پێی وابێت دنیا، یان زەمانە لەگەڵ ئەم ناجۆرە و هەرگیز ڕۆژێک سۆز و بەزەیی بۆ ئەم نەجووڵاوەو بەردەوام لەگەڵیدا نەیار و دڕدۆنگ و ناجۆر بووە. بەڕاستی ئێمە نازانین ئایا زەمانە، یان دنیا بەهۆشیارییەوە هەڵوێستێکی لەم جۆرە نیشان دەدات، یان نا، بەڵام ئەوەی بڕیار بۆ شتێکی لەم جۆرە دەدات، مرۆڤەکان خۆیانن. هەندێ کەس وەها سەیر دەکەن کە ئەو هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی دنیا و زەمانەدان و هەرگیز دەربازبوونیان نییە. هەندێکی تریش پێیان وایە مرۆڤیش وەک هەر شتێکی تر ئامادەبوویەکی نێو ئەم گەردوونەیە و لە ترۆپکی هەموو بوونەوەراندایە لە ڕووی عەقڵ و ژیرییەوە، هەر بەوپێیەش خۆی لە چارەنووسی خۆی بەرپرسیارە، کاتێکیش دەبێتە خاوەنی ڕاستەقینەی بوونی خۆی، ئەوە خۆی بڕیار بۆ خۆی دەدات و چیتر وەها سەیر ناکات کە ئەم مەحکووم و ملکەچی گەردوونە، بەڵکو وەها سەیر دەکات کە مرۆڤیش بەشێکە لە گەردوون و بوون و ژیان و مردنی لە چوارچێوەی یاساکانی گەردووندا ڕێکخراوە.

هەروەک دەشێ لە ئاراستەیەکی ترەوە سەیری خەمی میحنەتی دنیا بکرێت، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە

یاساکانی ئەم گەردوونە ناجۆر و توندوتیژن بەرانبەر بە مرۆڤ و نایانەوێت ئاسوودەیی بۆ مرۆڤ فەراهەم بێت، خۆ ئەگەر مرۆڤیش بۆ ساتێک، یان بۆ ماوەیەکی کورتخایەن ئاسوودە بێت، ئەوە گومانی تێدا نییە ئەو ئاسوودەییە درێژە ناکێشێت و ئەم گەردوونە بە رووداوێک کۆتایی بەو ئاسوودەییە دەهێنێت، هەروەک دەشێ روویەکی تری خەمی میحنەتی گەردوون ئەو خەمانە بێت لە بالادەستی بەشێک لە مرۆڤەکان و دەسەڵاتیان بەسەر ئەوانی تردا، چەوساندنەوە و مل پێ کەچکردنیان و ئازاردانیانەوە بەرهەم بێت، کە ئەم نادادپەروەرییەش لە گەردووندا مرۆڤەکان خۆیان بەرهەمهێن و دروستکەرین، واتە لەم گەردوونەدا کەمینەیەک لە مرۆڤەکان بوونەتە هۆی کوشتن و لەناوبردنی ئازادی زۆرینەی خۆیان و ژیانیان لێ کردوون بە دۆزەخ، ئاشکرایە خەمی میحنەتی دنیا بەشێکی لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

شاعیر دڵی خۆی بە دار دەچووێنێت، هەرچۆن دار کاتێ ئاو دەدرێت، گەشە دەکات و پەل دەهاوێت، ئەمیش پێی وایە دڵی بە ئاوێک ئاو دراوە کە ئاوی خەمە، بۆیە خەم بەو شێوەیە دەسەڵاتی بەسەر دڵیدا داگرتووە و لێوان لێو بووە لە خەم. دار کاتێک ئاو دەدرێت گەشە دەکات و بەرهەم دەهێنێت، دیارە ئەو درەختانەی کە ئاو دەدرێن دوو جۆرن، یان درەختی بەردارن و بۆ ئەوە ئاو دەدرێن کە وشک نەبن و میوە، یان بەرێکی باشتر بەرهەم بهێنن، یان درەختی بێ بەرن کە بە مەبەستی جوانی و سەوزکردنی سروشت و خاوێنکردنەوەی کەشوهەوا و بەخشینی بۆنوبەرامەی خۆش، یان بۆ پاراستنی ژینگە بەگشتی دەروێنرێن و ئاو دەدرێن بۆ ئەوەی وشک نەبن و گەشە بکەن و ئەو ئامانجەی کە لە پێناویدا روێنراون بەدی بێت، بە تایبەتی رووەک رەگەزێکی سەرەکییە لە بەرهەمهێنانی چێژ و جوانی سروشت و هاوکاتیش رۆڵی هەیە لە پاراستنی رەگەزەکانی تری سروشت و لە راگرتنی هارمۆنیای سروشتدا، بەڵام داری دڵی ئەمی شاعیر، بە ئاوی خەم ئاو دەدرێت و ئەو خەمەش گەشە دەکات و بوونی ئەم لێوان لێو دەکات لە خەم و دیسان هەمان پرسیاری کە پێشتر لە ناو دەقەکەوە سەری هەڵدا، خۆی دەسەپێنێتەوە؟ ئەو خەمەی کە بوونی ئەم داگیر دەکات چ خەمێکە؟ ئایا خەمێکی تاکەکەسی، یان زاتییە کە تەنیا پێوەندی بە خواست و ویستە تایبەتییەکانی ئەمەوە هەیە کە ئەویش زیاتر ویستی دنیایین؟ یان خەم بە گوێرەی ئەم خەمی مرۆڤە بە گشتی کە ئەویش، یان خەمێکە پاڵنەرێکی فەلسەفی هەیە، ئەویش سەبارەت بە پێوەندی ژیان و مردن و بوون و نەبوون لە گەردووندا، یان خەمێکی کۆمەڵایەتییەو پەیوەستە بەو نادادپەروەری و نایەکسانییەی کە لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە و توێژێکی کەم ژیانی بە ئاسانی و بەئەوپەڕی خۆشییەوە و بە هەموو پێداویستییەکانییەوە بەرێوە دەچێت و هەندێکی تریش کە زۆرینەن، دەسەڵاتی ئەو کەمینەیە کۆنترۆڵی کردوون و لە مانای ژیان و لە خۆشییەکانی ژیان و لە هەموو بنەمایەکی ژیانێکی شایان و شایستە بە مرۆڤ بێ بەشی کردوون.

-٤-

**بێ شوبهە سروشتی دڵی من قەترەیی خوێنە**
**خوێنی دڵی من حەسرەت زەدەیەکی دەسی گەردوون**
**ئاهێکی ستەمدیدەیی، مەزڵوومیی هەوێنە**
**وا مایلی سەحرایە بە دایم وەک مەجنوون.**

شاعیر وەسفی دڵی خۆی دەکات و بە دڵنیاییەکی تەواوەوە لەوە دەدوێت کە سروشتی دڵی ئەو رەنگی خوێنی هەیە، کە ئەویش سوورێکی تێر، یان تۆخە کە بەسەر رەشدا دەروانێت. لەپشتی رەنگی سووری تۆخ، یان مەیلە و رەشەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە دڵی ئەم لە خەم و خەفەتدا سووتاوە و قرچاوە بەجۆرێک کە رەنگی بۆ مەیلە و رەش گۆڕاوە. خوێنی دڵی خۆی وا وەسف دەکات کە لێدراوی دەستی میحنەتی گەردوونە، واتە ئەوەی دڵی ئەمی بەم بارە ناجۆر و بەم سووتانە ترسناکە گەیاندووە، ئەم گەردوونە و یاسا و رێسا ناجۆرەکانییەتی کە بەجۆرێک نادۆست و دژە ژیانن بەرانبەر بە ئەمی مرۆڤ ژیانیان لێ کردووەتە دۆزەخ. لێرەوە جۆرێک لە مەرگدۆستی گەردوون ئاشکرا دەبێت، ئەگەرچی یاساکانی گەردوون بەو جۆرەن کە شێوەیەک لە هاوسەنگی رابگرن لە نێوان ژیان و مردندا، لە نێوان ژیاندۆستی و مەرگدۆستیدا، بەڵام ئەوەی لە بنیادی زمانی دەقەکەدا بەرجەستە کراوە، ئەو ئاراستەیە لە جیهانبینی بەرهەم دەهێنێت کە ئەمی شاعیر وەک چەق، یان ناوەندێک سەیری خۆی دەکات کە هەموو نادادپەروەرییەکانی گەردوون روویان لەمە، یان وەک

مەیدانێکە بۆ ئەوەی گەردوون ڕقەکانی خۆی تێدا جێبەجێ بکات، یان خاڵی بکاتەوە. لێرەوە شاعیر گەردوون وەک بوویەکی ڕقاوی و دوژمنکار سەیر دەکات، چونکە هەمیشە توندوتیژی و وێرانکاری و مەرگ دەبەخشێتەوە. لێرەدا گەردوون دەکرێتە نموونەی باڵای هەموو دەسەڵاتەکان، لەو ڕوانگەیەوە کە هەموو دەسەڵاتێک بەرهەمهێنی توندوتیژییە و هەموو دەسەڵاتەکانیش لە گەردوونەوە فێربوون، یان فێردەبن کە بەو جۆرە توندوتیژە دەسەڵاتی خۆیان جێبەجێ بکەن. ئەم شێوە وەسفکردنەی شاعیر بۆ خۆی، یان بۆ کۆی مرۆڤایەتی کەسێتییەک بەرهەم دەهێنێت کە خۆی وەک جێگای بەزەیی نیشان بدات، یان بەرجەستە بکات، واتە خودی ئەو کەسێتییە ببێتە ناوەند و بابەتی سەرنج و لێدوان و قسە لەبارەوە کردن، تەنانەت بەزەیی پێدا هاتنەوە کە ئەمەش لە ئاستێکی تردا پێوەندی هەیە بە چەمکی ڕۆمانسیزم و خودی تاکەکەسەوە وەک خاسیەت و پایەی سەرەکی ئەو ئاراستە ئەدەبی، یان هونەرییەی کە ڕووبەرێک لە ئەزموونی ئەم شاعیرەی ئێمە داگیر دەکات.

یاساکانی گەردوون کە جۆرێک لە ستەمکارییان تێدایەو ستەم لە مرۆڤەکان دەکەن. کاردانەوەی مرۆڤەکان دەربڕینی ئاهی ستەمدیدەییە، واتە لێرەدا دووانەیەک لە نێوان گەردوون و مرۆڤدا پێکدێت کە بریتییە لە دووانەی ستەمکار/ ستەم لێکراو، گەردوون ستەمکارەو مرۆڤیش ستەم لێکراوە، واتە یاساکانی ئەم گەردوونە بەردەوام هەوێنی مەزڵوومی و ستەمدیدەیی بەرهەم دەهێنن کە ئەوەش سەرئەنجام دەبێتە هۆی ئازاری سەخت بۆ مرۆڤەکان و پاڵیان دەنێت بەرەو سەرهەڵگرتن و پشتکردن لە ئاوەدانی و پشتکردن لە عەقڵ و لێکدانەوە و پشتکردن لە گەڕان بە دوای چارەسەری بابەتییانەدا، بەڵکو لەبری ئەوە پەنادەبەن بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی مەجنوون ئاسا و ڕووکردنە بیابان و کێوان کە ئەوەش لە ئاستی نەبینراوی دەقەکەدا لەبەرانبەر هەڵوێستی لەڕووداوەستان، هەڵوێستی بەزین بەرهەم دەهێنێت. لە ڕووی ڕاستیشەوە ئەمە لەگەڵ گەوهەری مرۆڤدا لە ڕوانگەی هیومانیزمەوە ناگونجێت، چونکە مرۆڤ بوویەک نییە کە ببەزێت، بەڵکو ڕوانینی ڕاستەقینە بۆ مرۆڤ ئەوەیە کە دەشێ تێک بشکێت، بەڵام ناشێت ببەزێت و خۆ بەدەستەوە بدات، چونکە ئەگەر بەزین و خۆ بەدەستەوەدان بوو بە هەڵوێستێکی فراوان و گشتی و کۆی جەستەی مرۆڤایەتی گرتەوە، ئەوە مانای وایە بنیادنان و ئاوەدانکردنەوە کە مەبەست بنیادنانی مرۆڤ و بنیادنانی شارستانیتییە ڕادەوەستێت، ئەوەش بە جۆرێک وەک کۆتایی مێژوو سەیر دەکرێت، کە ڕاستییەکەی سەیرکردنی بوونی مرۆڤ لە گەردووندا، هەروەها لە ڕوانگەی دیالکتیکی مێژووەوە بە لاواز و ناکارا و بێ ئیرادە شتێکی نەشیاو و چاوەڕوان نەکراوە. ئەو هەڵوێستەی لە بنیادی دەقەکەدا و لە ڕێگای دەربڕینێکی ئاشکراوە دەخرێتە ڕوو کە میحنەت و یاسا خراپەکانی گەردوون مرۆڤ وا لێ بکەن ڕووبکاتە سەحراو ئاوارە و بێ دەرەتان بێت، هەڵوێستێکی ناجۆرە پەیوەست بە بوونی مرۆڤ لە گەردووندا، چونکە مرۆڤ بۆ ئەوە ئەفرێندراوە خاوەنی گەردوون بێت. لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە مرۆڤ لەبری ئەوەی هەڵوێستی بەرەنگاربوونەوە بەرانبەر بەو نادادپەروەری و ستەمکارییەی کە هەیە وەربگرێت، ڕێگای پشت تێکردن و بەجێهێشتنی سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوە دەگرێتەبەر، کە ئەمەش تا ئەندازەیەکی ئاشکرا ناکۆکە لەگەڵ ئەو هەڵوێستە جێگیرەی مرۆڤدا لە کۆشش کردن و کۆڵ نەدان، نەک بۆ پشتکردن لە یاساکانی گەردوون، بەڵکو بۆ کۆنترۆڵکردنی سروشت و گۆڕینی یاساکانی و ئاشکراکردنی هەموو نهێنییەکانی و بەکارهێنانی خودی گەردوون بە هەموو سەرچاوەکانییەوە لە پێناوی ئاسوودەیی مرۆڤ خۆیدا.

-٥-

**ئەی چەرخ، لەگەڵ ناکەس ئەبینم کە ڕەفیقی**
**بۆ تیری جەفا، سەد کەست کردۆتە نیشانە**
**بۆ بەعزێ ستەم پەروەر و بۆ بەعزێ شەفیقی**
**بیرێتەوە، لەم عالەمە بەس بگرە بەهانە.**

شاعیر قسە لەگەڵ چەرخ و زەمانە دەکات و بە نادادپەروەر و خراپەکار ناوی دەبات، چونکە پێوانەکانی هیچ بنەمایەکی پەسەند و ڕەوایان نییە. لەبەردەم چەرخدا شاعیر دووانەی کەس/ ناکەس وەک دووانەیەکی بەرانبەر پێکدەهێنێت کە لەگەڵ ئەم دووانەیەدا دووانەیەکی تر لەدایک دەبێت، ئەویش دووانەی (ڕەوا/ ناڕەوا)یە.

چەرخ لەگەڵ ناکەس نەرمونیانە، واتە ئاشنا و دۆستە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چەرخ پشتگیری ناکەس دەکات، بەمەش ڕەفتار، یان کارێکی ناڕەوا دەکات. ئەمە لە کاتێکدا دەقەکە لە ئاستی قووڵدا دەیەوێت بڵێت دەبووا چەرخ لەبری ناکەس لەگەڵ کەسدا نەرمونیان و دۆست بووایە، لەبارێکی وەهاشدا ڕەفتارەکەی ڕەوا دەبوو. ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا چەرخ- زەمانە- تەنیا لەگەڵ شاعیر بەو جۆرە ڕەفتار دەکات، یان لەگەڵ هەموو کەس بەو جۆرەیە؟ بەڵام کاتێ شاعیر دەڵێت لەگەڵ ناکەس نەرمونیانیت، مانای وایە چەرخ مرۆڤ بۆ دوو جۆر دابەش دەکات کە ئەوانیش بریتین لە کەس و ناکەس. ئەم لەگەڵ ناکەس دۆستە و لەگەڵ کەس نەیار و دژە. ئەمی شاعیر لە پۆلی کەسە، بۆیە زەمانە بەو جۆرە لەگەڵی نەیارە، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا بە ڕاستی چەرخ لە ڕەفتارکردنیدا لەگەڵ مرۆڤەکان لایەندارە؟ یان ئەوە ڕووداوەکانی هەر کات، یان هەر چەرخێکن ڕۆڵ لە چارەنووسی مرۆڤەکاندا دەبینن؟ یان لە بارێکی تردا ئەوەی شاعیر بە ناکەس ناویان دەبات، ئەوانەن کە دەتوانن لەگەڵ هەموو بارێکدا خۆیان بگونجێنن؟ بەهەرحاڵ پرسیاری سەرەکی کە لێرەدا سەرهەڵدەدات ئەوەیە ئایا کات چ ڕۆڵێکی لە بڕیاردانی چارەنووسی مرۆڤەکاندا هەیە چ وەک تاکەکەس و چ وەک گشت، یان کۆمەڵگە؟

هەروەک شاعیر چەرخ و زەمانە بەوە تاوانبار دەکات کە سەد کەسی کردووەتە ئامانجی تیرە ترسناکەکانی. مەبەست لە سەد کەس، دەشێ مەبەست لەوە بێت بۆ هەر تیرێکی دڵڕەقانەی زەمانە، چەندان کەسی کردووەتە ئامانج، یان مەبەست ئەوە بێت ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکانی قوربانی دەستی یاسا ناڕەواکانی گەردوونن لە هەر چەرخ و سەردەمێکدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بە بۆچوونی شاعیر زەمانە، یان وەک پێشتر لە بری زەمانە گەردوونی بەکاردەهێنا، بە بەرنامە کەس کە مەبەست لە کەسیش مرۆڤی باشە، دەداتە بەر نیشانەی تیری جەفا، تیری بەدبەختی و ئازار و ژان، بەوەش ئایینده و ئاسۆی داهاتووی مرۆڤە باشەکان ویران دەکات و دەسووتێنێت، کەواتە ئەو هێزە چییە لە پشتی زەمانەوە کە بەو جۆرە ڕەفتار لەگەڵ کەسدا- کەسی باش- دەکات؟ ئایا ئەوەی شاعیر دەڵێت ڕاستییەکی ڕەهایە، یان جۆرێک لە ڕاستی تێدایە؟ یان لە بنەڕەتەوە جۆرێک لە وەهمە و شاعیر لە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆیدا دروستی کردووە؟

شاعیر چەرخ دەدوێنێت و وەک مرۆڤ قسەی لەگەڵ دەکات، یان باشتر وایە بڵێین خاسیەتی گوێگر بە چەرخ و زەمانە دەبەخشێت کە ئەویش خاسیەتی مرۆڤە. زەمەن وەک مرۆڤ نادروست و ناعادیلانە ڕەفتار لەگەڵ ئەوانی تردا دەکات و لەگەڵ هەندێکدا ستەمکارە و لەگەڵ هەندێکی تریشدا بە سۆز و بەزەییە. لە تێڕوانینی شاعیرەوە هیچ پێوانە و ڕێسایەکیش نییە و دیار نییە تا زەمەن، یان گەردوون بە گشتی بە پێی ئەو پێوانە و ڕێسا و یاسایە ستەم، یان سۆز و خۆشەویستی بنوێنێت، ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ ناڕوونی یاساکانی گەردوون، ئەوەش مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی هەمیشەیی مرۆڤە و بە گومانەوە سەیرکردنێتی بۆ گەردوون و یاساکانی و بۆ سیستمی ڕێکخستن و بۆ کۆتایی نادیاری مرۆڤ خۆی، هەر ئەوەش وادەکات کە مرۆڤ بەردەوام لە ژیاندا لەباری گومانکردن و متمانە نەبووندا بێت بە چارەنووسی خۆی لەم گەردوونەدا.

شاعیر دەگاتە ئاستی هەڵوێست وەرگرتن لە زەمانەو گەردوون بە گشتی و داوایان لێدەکات کە دەستبەرداری ئەم جۆرە ڕەفتارکردنەیان بن و بە ناهەق و ناڕەوا بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ کەس و ناکەسدا نەکەن. زەمانە کە لە ڕوانگەی شاعیرەوە هیچ یاسا و پێوانەیەکی نییە بۆ ستەمکردن، یان سۆز بەخشینەوە، ناحەقییەکی زۆر لە مرۆڤ دەکات و زیاتریش ئەوە بەرانبەر بە کەس، واتە مرۆڤە باشەکان دەکات، ئەمەش لەلایەن شاعیرەوە وەک جۆرێک لە تاوانکردن سەیر دەکرێت، چونکە بێ ئەوەی مرۆڤە خاوێن و ڕاستودروستەکان هیچ گوناحێکیان هەبێت، ئەم بیانوویان پێ دەگرێت و ستەمیان لێ دەکات، ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا بەڕاستی چەرخ، یان زەمانە چییە هەتا بەو جۆرە ناهەقی لە مرۆڤ بکات؟ ئایا شاعیر دەیەوێت ئەو هێزە گوناحبار بکات کە لە پشتی هەموو جووڵەیەکی نێو ئەم گەردوونەوەیە؟ ئایا بەڕاستی ئەگەر مەبەستی ئەو هێزەیە، ئایا ئەو هێزە بەو جۆرە نەیار و نادادپەروەرە بەرانبەر بە مرۆڤ؟ ئەگەر گریمانەی ئەوە دابنێین کە ئەو هێزەی لەپشتی هەموو جووڵەکانی نێو ئەم گەردوونەوەیە نەیارانە، یان

نادادپەروەرانە لەگەڵ مرۆڤ ڕەفتار دەکات، ئایا مرۆڤ بەڕاستی شایانی ئەوەیە کە بەو جۆرە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت؟ بەڵام ئەگەر بڕوامان وابێت کە ئەو هێزەی کە گەردوون بەڕێوە دەبات لەپشتی هەموو جووڵەیەکی ئەم گەردوونەوەیە، هەر ئەویش ئەفرێنەدەری مرۆڤ و هەموو بوونەوەرانی تری ئەم گەردوونەیە، ئەوە ناشێت ئەو هێزە لەگەڵ ئەفرێنراوەکانی خۆیدا ناجۆر و نادادپەروەرانە مامەڵە بکات، بۆیە لێرەوە ئاراستەیەکی تر لە لێکدانەوە سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە کە ئەو هێزەی بەو جۆرە نادادپەروەرانە ڕەفتار لەگەڵ مرۆڤ دەکات، بەشێک بێت لە خودی مرۆڤ خۆی، واتە مەبەست ئەوەیە، ئەو بەشە کەمەی مرۆڤایەتی کە بووەتە خاوەنی دەسەڵات و هەموو دەسەڵاتێکی خۆی بەسەر زۆرینەدا جێبەجێ دەکات، ستەمکارە و دەیەوێت هەمیشە باڵادەست بێت و دەسەڵاتی ڕەهای خۆی جێبەجێ بکات، لەو پێناوەشدا هەموو جۆرە ڕەفتارێکی خراپ و نادروست و نادادپەروەرانە لەگەڵ زۆرینەدا دەکات، کەواتە لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی شاعیر داوای لێ دەکات ڕابوەستێت و چیتر بیانوو بە مرۆڤەکان نەگرێت، ئەو دەسەڵاتەیە کە بەشێک لە مرۆڤەکان بەدەستیانەوەیە و بەسەر ئەوانی تردا جێبەجێی دەکەن.

ڕاستییەکەی ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی بابەتیانەوە سەیر بکرێت و بڕوای ئەوە هەبێت کە هێزێک ئەم گەردوونەی بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە ئەفراندبێت، ئەوە ئەو هێزە کە مەبەست هێزی خودایە ناشێت بەو جۆرە نادادپەروەرانە سەیری ئافریدەکراوەکانی خۆی بکات، ئەمە بێجگە لەو بۆچوونە ئاشکرایەی کە خودا بوونەوەران و مرۆڤیشی ئەفراندووەو مێشک و ژیری بەخشیوە بە مرۆڤ و کردوویەتییە فەرمانڕەوای سەرزەمین و ئازادی پێ بەخشیوە چی دەکات و چۆن ڕەفتار دەکات لە دەستی خۆیدایە. لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونەش مرۆڤ خۆی بەرپرسە لە باش و خراپی خۆی، خۆی بەرپرسە لە چارەنووسی خۆی، ئەوەش ئاشکرایە کە هەر ئەم خودی مرۆڤەش بە پێی ئاستی عەقڵ و لێکدانەوەی بۆ دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات دابەشبووە، بۆ زۆردار و زۆرلێکراو، بۆ ناکەس و کەس. بۆیە دەشێ نارەزایی دەربڕینی شاعیر و دەنگ بەرزکردنەوەی بەرانبەر بەو بەشە کەمەی مرۆڤ بێت کە بووەتە خاوەنی دەسەڵات و زۆرینەی کردووەتە کۆیلە و ئازادی و ماناکانی بوونی لێ داگیر کردووە، هەر لێرەشەوە دەشێ جۆرێک لە ڕەخنەگرتن لە یاساکانی گەردوون دەربکەوێت بەوەی کە بۆچی جیاوازی هەیە لە ئاستی هێز و دەسەڵات و تێگەیشتن و لێهاتوویی مرۆڤەکاندا و بۆچی یەکسان و هاوشێوە دروست نەکراوە؟ هەرچەندە لە ڕوانگەیەکی ترەوە دەشێ وا لێکبدرێتەوە ئەوە واقیعی ژیان و زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، تەنانەت ژینگەیە کە ئەو جیاوازییانەی دروست کردووە، ئەگینا لە ڕووی بایۆلۆجی و فیزیکییەوە مرۆڤەکان وەک یەک دروست کراون.

بێ گومان ئەوەی لە بنیادی دەقەکەدا دەبینرێت، ئەوەیە کە شێوازی دەربڕینەکان زیاتر بەلای ئەوەدا دەچێت کە شاعیر لە دواندنی چەرخ، یان زەمانەدا زیاتر مەبەستی ئەو هێزە بێت کە لە پشتی هەموو جووڵەیەکی گەردوونەوەیە. بەو پێیەش ئەو هێزە بەرپرسیار دەکات لە کارەساتەکانی ژیانی مرۆڤ و لە ئازار و بەدبەختییەکانی، ئەمەش لە ئاستێکی تردا نیشاندانی مرۆڤە وەک بوویەکی لاواز و بێ ئیرادە و ناکارا کە هەموو بڕیارێکی لە سەرەوەو لە دەرەوەی خۆی بۆ بدرێت.

**بەینێکە بەدەس تۆوە گرفتاری عەزابم**
**دەرد و غەمت هێند زۆرە دڵم خوێن ئەتکێنێ**
**دایم بە گڕی ئاگری تۆ، سینە کەبابم**
**چاوم لە غەم و میحنەتت، فرمێسک ئەڕژێنێ.**

لێرەدا شاعیر لە هەڵوێستێکی پڕ لە نیگەرانییەوە لەگەڵ زەمانە دەدوێت و باسی ئەو بارە ناهەموارە دەکات کە ماوەیەکە ئەم بە هۆی ڕەفتارە ناجۆرەکانی زەمانەوە تێی کەوتووە، ئەم وای نیشان دەدات کە ماوەیەکە زەمانە لەگەڵ ئەم دۆست نییە، ئەمەش دووچاری ئێش و ئازار و بەدبەختی کردووە، بۆ ئەوەش زەمانە تاوانبار دەکات کە ئەمی خستووەتە ئەم بارەوە. سەرەتا ئەم کاتی دەستپێکردنی ئەم بارە ناهەموارەی خۆی دیاری کردووە کە ئەویش لە وشەی بەینێکدا دەردەکەوێت و ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە پێشتر زەمانە بەرانبەر ئەم بەم جۆرەی ئێستا نەبووە. ئایا ئەمە چ هەڵە، یان گوناحێکی کردووە کە زەمانە بەو جۆرە دڵڕەقانە ڕەفتاری لەگەڵدا بکات؟ هەروەک بەجۆرێک لەگەڵ زەمانە دەدوێت وەک ئەوەی لەگەڵ مرۆڤێک بدوێت، واتە خاسیەتی مرۆڤبوون بە زەمانە دەبەخشێت و وێنەیەکی وەها بەرجەستە دەکات کە

زەمانە لە بەرانبەریدا دانیشتبێت و ئەم گلەیی و ڕازی لەگەڵدا بکات، ئەمەش لە ئاستێکی تردا بەلای ئەو لێکدانەوەیەدا دەبات کە شاعیر دەسەڵات، یان هێزێک دەدوێنێت کە لەبەرانبەری، یان لە سەرووی ئەمەوە ڕاوەستاوە و بە بەرپرسیاری دەزانێت لە بەدبەختییەکانی خۆی.

ئەم بارە ناجۆرەی کە ئەم کەسێتییەی تێدایە، لە ڕێگای دەربڕین و وێنە زمانییەکانەوە نیشان دەدرێت کە بەگشتی ئەو وشە و دەربڕین و وێنانە کەشێک بەرهەم دەهێنن ناجۆر بێت بۆ ژیان و جێگای بەزەیی پێداهاتنەوە بێت بۆ کەسێک ئەگەر لە دەرەوەی ئەو بار و شوێنە ڕابوەستێت و سەیری بکات، یان تەنانەت بیری لێ بکاتەوە. ئەگەر سەیری ئەم دەربڕینانە بکەین، ئەوە نارەزایی و ڕەتکردنەوەی ئەوی شاعیر بە ئاشکرا دەبینرێت و دەربڕینەکانی (گرفتاری عەزاب، دەرد و غەم، دڵم خوێن ئەتکێنێ، سینە کەباب، چاو لە غەم و میحنەت، فرمێسک) بە گشتی بەرجەستەی بارێک دەکەن کە گیرۆدەیی و بەدبەختی ئەو مرۆڤە نیشان دەدەن.

-٦-

لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە سەرباری ئەو دەربڕینانەی خەم و گریان و کارەسات بەرجەستە دەکەن وەک ڕەگەزی زمانی پێکهاتەی دەقەکە، کۆتایی، یان دەرگای دەقەکەش بە دەربڕینی "فرمێسک ڕژاندن " دادەخرێت، واتە کۆتاییەکی تراژیدیانە، ئەمەش مانای ئەوەیە، ئەم وەک قسەکەری شیعرەکە، یان شاعیر لە بارێکی ناهەموار و پڕ لە ئازاردا بەجێ دەهێڵرێت، ئەگەرچی ئەو ئازارەی کە گەیاندوویەتییە ئاستی فرمێسک ڕشتن، ئازاری جەستەیی، یان ئازاری مەعنەویی بێت. لێرەدا گەڕانەوەیەک هەیە بۆ ئاستی قووڵی دەقەکەو دەشێ سەرچاوە، یان گەڕانەوەیەکی ئەفسانەیی ئایینی بێت. دەشێ ئەوەی قسە دەکات تەنیا خودی شاعیر نەبێت لە جوگرافیای دەقەکەدا و ئازار و ژانەکانیشی تەنیا پەیوەست نەبێت بە خۆیەوە و ئەو سەرەتای کاتەیش کە دیاری کردووە سەرەتایەکی دوورتر بێت، لەم بارەشدا دەشێ شاعیر وەک هەموو ڕەگەزی مرۆڤ بدوێت و بە ناوی ئادەمەوە نارەزایی لەدەست زەمانە دەرببڕێت. یەکەم ئەوەی قسە دەکات بە ناوی ئادەمەوە قسە دەکات کە لەو کاتەوە بەری درەختی حەرام، یان سێوەکەی خوارد، خودا سزای داو لە بەهەشت دەری کردو فڕێی دایە سەر زەوی، ئیتر لەو کاتەوە لە ئازار و بەدبەختیدا دەژی. دووەم دەشێ قسەکەر وەک نوێنەری مرۆڤایەتی قسە بکات، کە لەو کاتەوە ژیانی سادەی مرۆڤ کۆتایی هاتووە و گواستراوەتەوە بۆ سەردەمی بەئامێربوونی مرۆڤ، کە ئەویش لە سەردەمی مۆدێرنیتە، یان قۆناغی سەرمایەدارییەوە دەست پێ دەکات، زەمانە بۆ زۆرینەی مرۆڤ دڵڕەق و بێ بەزەییە و کۆی هەموو ئەوانەی کە بە عەرەقی ناوچاوان دەژین، یان هێزی بازوویان دەفرۆشن، دەکاتە ئامێر و هەموو ئاسوودەییەکیان لێ داگیر دەکات، واتە لەو کاتەوە کە مرۆڤ لە بەهەشت فڕێدراوەتە دەرەوە، یان لەو کاتەوە کە ژیانی سەردەم، مرۆڤی کردووەتە ئامێر و ئامرازی بەرهەمهێنان، مرۆڤ خۆی وەک سەروەری گەردوون لە هەموو ئاسوودەیی و خۆشییەکی ژیان بێ بەش کراوە، دیارە ئەم جۆرە لێکدانەوەیەش زیاتر لەگەڵ ئەو ڕوانینەدا گونجاوە کە ڕووی بابەتیبوون بە دەقەکە دەدات و شاعیر لە بری ئەوەی تەنیا لەخۆی بدوێت، لە مرۆڤ بەگشتی دەدوێت. بە مانایەکی تر ئەو ئازار و ژان و نەهامەتییەی کە شاعیر لێی دەدوێت، زیاتر ڕوویەکی مەعنەوی هەیە و دەشێ وێناکردنی ئەو باری نامۆبوونە بێت کە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا مرۆڤ دووچاری دەبێت، یان تێیدا دەژی. بە مانایەکی تر ئەم دەقە لە گۆشەیەکەوە وێنای مرۆڤمان بۆ دەکات لەم سەردەمەدا کە لە چ بارێکی نائاسوودەییدا دەژی، ئەویش باری هەست بە نامۆیی کردنە کە مەبەست لەمەش هەستکردنی مرۆڤە بە پەرتبوونی لە خودی خۆی، ئەویش بەهۆی گرفت و کێشە و گوشارەکانی ژیانەوە لە کۆمەڵگەی سەردەمدا. شاعیر لەبەرانبەر ئەو بارە ناجۆرەدا چەرخ، یان زەمانە، یان تەنانەت هەموو گەردوون بە بەرپرسیار دەزانێت، ئەوەش وای لێدەکات تاوانباری بکات.

**تێبینی:**

**دەقی ئەم شیعرە لە (دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح وەرگیراوە، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لەسەر نووسینی ئازاد عەبدولواحید، بەرگی یەکەم، چاپی دووەمی بژارکراو، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٨، ل٣٩١-٣٩٢).**